## تاقیکردنەوەی ئیبراهیم

لە تەورات، پەیدابوون ٢٢: ١-٢٢

١ دوای ماوەیەک خودا ئیبراهیمی تاقیکردەوە. پێی فەرموو: (ئیبراهیم!)
ئەویش وتی: (ئەوەتام.)
٢ ئینجا خودا فەرمووی: (کوڕەکەت، تاقانەکەت ئەوەی کە خۆشت دەوێت، ئیسحاق، ببە و بڕۆ زەوی (مۆریا). لەوێ
بیکە قوربانیسووتاندن، لەسەر یەکێک لە کێوەکان کە خۆم پێت دەڵێم.)
٣ بۆ بەیانی ئیبراهیم زوو لە خەو هەڵستا و گوێدرێژەکەی کورتان کرد. لەگەڵ خۆیدا دووان لە خزمەتکارەکانی و
ئیسحاقی کوڕی برد و داریشی بڕی بۆ قوربانیسووتاندن. ئینجا هەڵستا و ڕۆیی بۆ ئەو شوێنەی خودا پێی فەرمووبوو.
٤ لە ڕۆژی سێیەمدا ئیبراهیم چاوی هەڵبڕی و لە دوورەوە شوێنەکەی بەدی کرد. ٥ ئیتر ئیبراهیم بە دوو خزمەتکارەکەی
وت: (ئێوە بۆ خۆتان لێرە لەگەڵ گوێدرێژەکە دانیشن، من و کوڕەکەش تا ئەوێ دەچین، کڕنۆش دەبەین و دەگەڕێینەوە
لاتان.)
٦ ئیبراهیم داری قوربانیسووتاندنەکەی هەڵگرت و خستییە سەر پشتی ئیسحاقی کوڕی و خۆشی بە دەستی ئاگر و
چەقۆیەکەی هەڵگرت و هەردووکیان پێکەوە ڕۆیشتن. ٧ ئینجا ئیسحاق بە ئیبراهیمی باوکی وت: (باوکە!)
ئەویش پێی وت: (ها کوڕم؟)
ئینجا وتی: (ئەوەتا ئاگرەکە و داری سووتاندنەکە، ئەی کوا بەرخەکە بۆ قوربانیسووتاندنەکەیە؟)
٨ ئیبراهیمیش وتی: (خودا بۆ خۆی بەرخێک بۆ قوربانیسووتاندنەکە دابین دەکات، کوڕم.) ئیتر هەردووکیان پێکەوە
ڕۆیشتن.
٩ کاتێک گەیشتنە ئەو شوێنەی خودا پێی فەرمووبوو، ئیبراهیم قوربانگایەکی دروستکرد و دارەکانی لەسەر ڕێک خست و
ئیسحاقی کوڕی بەستەوە و خستییە سەر قوربانگاکە لەسەر دارەکان. ١٠ ئیتر ئیبراهیم دەستی درێژ کرد و چەقۆیەکەی
هەڵگرت تا کوڕەکەی خۆی سەرببڕێت. ١١ بەڵام فریشتەی پەروەردگار لە ئاسمانەوە بانگی کرد و فەرمووی: (ئیبراهیم!
ئیبراهیم!)
ئەویش وتی: (ئەوەتام.)
١٢ پێی فەرموو: (دەست بۆ کوڕەکە مەبە و هیچی لێ مەکە. ئێستا زانیم تۆ لە خودا دەترسیت، چونکە تۆ کوڕە
تاقانەکەت بە خۆتەوە نەگرت لە پێناوی من.)
١٣ ئینجا ئیبراهیم چاوی هەڵبڕی و بینی ئەوەتا بەرانێک لە دوایەوە لەناو دەوەنەکەدا بە هەردوو قۆچی گیربووە، جا
ئیبراهیم چوو و بەرانەکەی گرت و سەری خست، وەک قوربانیسووتاندن لە جیاتی کوڕەکەی. ١٤ ئیتر ئیبراهیم ئەو
شوێنەی ناونا، (پەروەردگار دابینی دەکات). وەک ئەوەی ئەمڕۆ دەووترێت، (لە کێوی پەروەردگار، دابین دەکرێت.)
١٥ فریشتەکەی پەروەردگار جارێکی دیکە لە ئاسمانەوە ئیبراهیمی بانگکرد و ١٦ ئینجا فەرمووی: (پەروەردگار دەڵێت
سوێندبێت بە خۆم، لەبەر ئەوەی تۆ ئەمەت کرد و دەستت بە کوڕە تاقانەکەتەوە نەگرت، ١٧ بێگومان بەرەکەتدارت
دەکەم و نەوەکەت وەک ژمارەی ئەستێرەکانی ئاسمان و وەک لمی سەر کەناری دەریا زۆر دەکەم، نەوەت دەبێتە
میراتگری دەرگای دوژمنەکانی. ١٨ لە نەوەی تۆشەوە هەموو نەتەوەکانی زەوی بەرەکەتدار دەکرێن، چونکە تۆ گوێڕایەڵی
قسەکەی من بوویت.)
١٩ ئینجا ئیبراهیم گەڕایەوە لای دوو خزمەتکارەکەی. ئیتر هەڵستان و پێکەوە بۆ بیری شابەع ڕۆیشتن. ئیبراهیم لەلای
بیری شابەعدا نیشتەجێ بوو.